# کوردو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**سەلاح بەدرەدین**

تا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهان، ڕۆڵی ئەمریکا جێی ڕێزی گەلان بوو، ئەمریکا بە پێچەوانەی ئەوروپییەکان بەشداریی لە پرۆسەکانی دابەش کردن نەکرد، وەک سایکس بیکۆو بلفۆر، چواردە خاڵەکەی سەرۆک ودرو ولسون، بەتایبەتیش خاڵی دوازدەم، کە لە ساڵی (١٩١٨) ڕاگەیەندرا ڕاشکاوانە پاراستنی مافی نەتەوەکانی عوسمانیی لەنێویشیاندا گەلی کورد بە پێویست دەزانێت. ئەمریکا بەشێوەیەکی کارا بەشداریی لە سەردەمی کۆلۆنیالی سەربازیی سەدەی نۆزدە نەکرد، بەڵام هاوکاری هاوپەیمانەکانی کردو دواییش کاریگەرانە بەشداری سەردەمی ئیمپریالیزمی سیاسیی کرد لە سەدەی بیست دا، کە ترسناکترین سەدەیە بۆ بەشەریەت، بەهۆی دوو شەڕی جیهانی (٦٢) شەڕی نێوخۆ، (٨٠) ملیۆن قوربانی، نەمانی ئیمپراتۆرەکان، دابەش کردنی نیشتمان، گەلی ئەمریکاش بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ.

## ماوەی شەڕی سارد

ماوەی زیاتر لە نیو سەدەی خایاندو لە کوردستانەوە دەستی پێکرد، بەهۆی پەرەسەندنەکانی کۆماری مەهاباد و سەقفەی نێوان هاوپەیمانان بە گوێرەی ڕێککەوتنەکانی ماڵتاو تەهران و یاڵتاو ڕۆڵی تایبەتی سەرۆک ترومان، کە ئەوەی لێکەوتەوە؛ سێیەکی جیهان بۆ سۆڤیەت و باقیەکەی بۆ ڕۆژئاوا.

ستراتیژی ئەمریکا لەو سەردەمەدا لەسەر ئەمانە بەند بوو: ئاسایشی ئیسرائیل، پارێزگاری کردن لە نەوت، پاراستنی هاوپەیمانان لە ڕێی پەیمان و ڕێککەوتننامە وەک (سەعد ئاباد- پەیمانی بەغدا، ئەتلەسی- جەزائیر). لە کۆی ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان بەسەردا دابەش دەبوو، سێیان لە چوارچێوەی بازنەی هاوپەیمانیاندا بوون، ئەمەش وای لە کورد کرد ڕوو لە بلۆکێکی دیکە بکات.

بەهۆی ستراتیژو تێڕوانینی بۆ جووڵانەوەکانی ڕزگاریخوازیی، ئەمریکا هەڵوێستێکی سلبیی لە بەرامبەر جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد وەرگرت، بۆیە لەو قۆناغەدا دۆزی کورد لە ڕیزی ئەولەویاتەکانی ئەمریکادا نەبوو، نموونەش هەڵوێستی ئەمریکا لەبەرامبەر کورد ساڵی (١٩٧٥و١٩٩١) لە بەرامبەر ڕاپەڕیندا.

## قۆناغی ئینتیقالی

ئەم قۆناغە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەست پێدەکات، دیواری بەرلین ڕووخاو کوێت ڕزگارکراو ئیحتیمالی پێکهاتنی سیستمی نوێی جیهان لەنێوان تاک جەمسەری و فرە جەمسەری، لێرەوە ڕووخساری گەورەیی ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕووی عەسکەری، ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە دەبینرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای کەوتنی سۆڤیەت بۆشایی سیاسی سەری هەڵدا، مەدیکی ئیرهابی و ڕووداوەکانی هاتنە پێشەوە، ڕژێمەکان بێ توانا مانەوەو ئایدۆلۆژیاکانیش کەوتن، بۆیە ئەمریکا پاڵێوراوبوو بۆ ئەوەی بە ڕێگای خۆی و بە پێی بەرژەوەندییەکانییەوە، ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، هەر لەو کاتانەدا، بۆ گەشەدان بە پرەنسیپە تازەکان لەسەر ئەو ڕێگایەدا ڕۆژی (١٩٩١/٩/٤) ڕاگەیاندنێکی ئەمریکا بڵاوکرایەوە، کە بەهۆیەوە پشتگیری حوکمی یاساو پرسەکانی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی گەلان و نەتەوە کەمینەکان و یاسای نێودەوڵەتی ڕاگەیاند؛



بەتایبەتیش بەندەکانی ڕاگەیاندنی هلسنکی و میساقی پاریس، بەگوێرەی ئەو ڕاگەیاندن و پرەنسیپانە، دۆزی گەلان ڕووبەرێکی فراوانی لەبایەخ پێدانی ئەمریکا داگیر کرد، ئەمەش شتێکی نوێ بوو، هەروەها گۆڕانی ئەو سنوورانەش قبوڵ کرا، کە لە سەردەمی هەردوو شەڕی جیهانییەوە کێشرابوون و چاو بە پێناسەی سەروەریی دەوڵەت گێڕدرایەوە، لێرەوە بایەخێکی زۆر بە ڕۆژهەڵاتی ناوین درا بەهۆی نەوت، ئاو، شوێن، ئیسرائیل، تیرۆرو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو چوونە بازنەی بایەخ پێدانەوە، ئەمەش ئەو باوەڕە دێنێتە پێشەوە، کە دۆزی کورد هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، بۆ ئەوە پاڵێورا کە ژمارەیەک بێ لە گرنگی پێدانی ئەمریکاو بەشێک لە چوارچێوەی کەوانەی قەیران، ئەمەش پاڵی بە ئەمریکاوەنا لەو قۆناغەدا، بەتایبەتیش دامەزراوەکانی داڕشتنی بڕیار لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەن و پەیوەندی بە دوژمنانی دوێنێوە بکەن، کە نوێنەری بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی بوون، لەنێویشیاندا کورد، بڕیاری ئەمریکا بۆ پاراستنی (ناوچەی ئارام)ی کورد لە عێراقدا، هەنگاوێکی نوێی ستراتیژی بوو، کە لە ڕۆژانی دوایی ماوەی جەنگی سارد بوو، ئەو جەنگەی لە کوردستانەوە دەستی پێکردو هەر لەوێشەوە کۆتایی پێهات، لەو ماوەیەشدا سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر کورد لەمیانەی تورکیای هاوپەیمانەوە بوو.

## قۆناغی نوێ

پەرەسەندنێکی قووڵ لە ستراتیژی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەدی کرا، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ئەمریکا بووە تاکە هێزی گەورەو ڕووبەڕووی هەقیقەتی بەڕێوەبردنی جیهان و گۆڕانی بووەوە، بەتایبەتیش دوای پەیدابوونی بۆشاییەکان و فەشەلی ڕژێمەکانی ئێستا لەبواری ئابووری و سیاسی و ئەمنییەوە، هەر لەم قۆناغەدا تێڕوانینێکی تازە لە لایەن ستراتیژ زانانی ئەمریکاوە سەری هەڵدا، وەک بریژنسکی کە داوای زەروورەتی حاڵی بوونی جیهان و قەیرانەکانی و کۆنترۆڵ کردنی زەوی کراو، هەستی نەتەوەیی و بێ بەشی لەو مافە تەوەری ناکۆکییە سیاسییەکانە، جوگرافیای سیاسیش ئیعتیبارێکی یەکلاکەرەوەی لە کاروباری نێودەوڵەتیدا هەیە.

پەرەسەندنی گەورەی کورد لە سیاسەتی ئەمریکادا لەناوچەی ئارام پاراستنی کوردی عێراق، سەرپەرشتی ڕێککەوتننامەی واشتۆنەوە هات، هەنگاوێکی دیکەی گرنگ بەستنی کۆنفرانسی ناساندنی کورد بوو لە مەڵبەندی مستەفا بارزانی لە زانکۆی ئەمریکا لە واشتۆن بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی.

## ئەمریکییەکان چۆن دەڕواننە کورد

شارەزاو ستراتیژزانی ئەمریکی (پۆل مایکل فیپی) لە کانوونی دووەمی (٢٠٠١) ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە سەرۆک بوش کردووە، ئاماژەی بە چەند خاڵێک کردووە، بۆ ناوچەکەو، داوا لە ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەکات؛ ئازەربایجان و هەرێمی کوردستانی عێراق ببنە بنەمایەکی سەربازی ئەمریکاو هیچ زیانێکی تێدا نابێ ئەگەر کوردستانی عێراق بکرێتە کۆگایەکی سەربازی بۆ چەکی ئەمریکی لە ناوچەکەدا وەک ئەوەی لە قەتەر هەیە، نەخاسمە لە قۆناغی داهاتوودا ئەمریکا شوێن پێی خۆی لە عێراق قایم دەکات، لەم ڕووەوە فیپی داوا دەکات؛ لە بارەی پەیوەندی لەگەڵ کورد تورکیای هاوپەیمان دڵنیا بکەنەوە.

هەروەها ڕاپۆرتی موخابەراتی مەرکەزی (CIA) باس لە ئایندەی جیهان دەکات لە (٢٠٠٠-٢٠١٥)، باس لە دۆزی نەتەوەو ئێتنییەکانی جیهان دەکات، ئەو ڕاپۆرتە پێشبینی چەند قەیرانێکی نەتەوەیی دەکات، کە چۆن توند دەبێ و داوای سەربەخۆیی دەکەن وەک باشووری سودان، سەرهەڵدانی قەیرانی تایفی-دینی لە میسر بەتایبەتیش (الأقباط)، کوردیش داوای سەربەخۆیی دەکەن و ئەمەش کاریگەری بۆ پارچەکانی دیکە دەبێ.

## ئەنجام

* سەنتەری قورسایی سیاسی ئەمریکا لە ناوچەی ململانێی عەرەب- ئیسرائیل گوازرایەوە بۆ کەنداو سەرەتاشی لە عێراقەوە بوو، ئەمەش ئاماژەیەکە، کە دۆزی کورد دەچێتە بازنەی گرنگی پێدانەوە.
* سەرهەڵدانی ڕاستییەکی سیاسی، ئەویش ئەوەیە کە ئەمریکا شوێنی خۆی وەک تاک جەمسەری جیهان گرت، ئەمەش بۆ کورد باشە.
* یارمەتیدەرەکانی پتەو کردن و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە، ئەوەیە، ئەمریکا زیاتر لە واقیعی کوردو مافەکانی حاڵیبێ و ڕێزی ئیرادەی کورد بگرێ و، ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردو بزاڤەکەی بزانێ.
* ئەمریکا ڕوئیای بەرژەوەندییە ستراتیژییە هاوبەشەکانی لەگەڵ کوردی عێراق هەبێ و، بەرژەوەندییەکان لەسەر زەویدا بەرجەستە بکرێن.
* داننان بە هەڵەکانی ڕابردوو لە بەرامبەر گەلاندا، لەنێویانیاندا بزاڤی کوردی لە هەڵەکانی ڕابردوو ئاگادار بکاتەوە.
* ڕەسم کردنی سیاسەتێکی ڕوون و دیار لەبەرامبەر دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
* لەلای کوردیشەوە چەند هەنگاوێک بە ئاراستەی گۆڕان و ریفۆرم و بنیاتنانەوەی هەیکەلی بزاڤی سیاسی هەیە.

## کۆتایی

چەپی ئەمریکی دەڵێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جیهان فاسید دەکات، ڕاستیش دەڵێ جیهان ئەمریکا فاسید دەکات، ئێمەی کوردیش دەڵێین؛ خۆشحاڵین بە دۆستایەتی ئەمریکا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، ئەگەر ئەمریکییەکان لە شوێنێک شەڕ ببەنەوەو لە شوێنێکی دیش ئاشتی لەدەست بدەن، ئەوا لە کوردستاندا، ئەگەر پابەندی بەرژەوەندییەکانی (کورد)ی بەرامبەریان بن و ئەزموونە تاڵەکانی پێشوو دووبارە نەکەنەوە، (هەردووکیان دەبەنەوە) لەسەر ئەو بنەمایە لە دۆستەوە دەبنە هاوپەیمان.